# مەوتڤە سەرەکیەکانی درووستی بوونی دەوڵەت پێویستە کامانە بن!

**بەشی یەکەم**

**کاوەحەسەن– ڤانکۆڤەر**
kawa2002@yahoo.com

هەڵسەنگاندن و باسکردن لە پێشمەرجەکانی درووست بوونی دەوڵەت لەم سەردەمەدا وەک هاوکێشە ماتماتیکیەکانی لێهاتووە، وەئەگەر بێت و لەشوێنیکدا شتێکی نادرووست بووترێت ، هەموو باسەکە بەنادرووستی بەردەوام دەبێت . بۆیە زۆر گرنگە بەدوور لە هەر هەڵچوونێک و بەبیریکی "ئیمپارشیاڵ" وە باس لە وردەکاریەکانی ئەم مەسەلەیە بکەین ، وەکاتێکیش هەر ئایدیایەکمان خستە سەر کاغەز سەبارەت بەم بابەتە بە باشترین سەرچاوە و بەڵکە سەپۆرتی بکەین. ئەم چەند دێرەی سەرەوە پێشمەرجن بۆ هەر باسێک کە بتەوێ مافی خۆی بدەیتێ . چونکە دڵنیام کاتێک ئەم کارەمان کرد ، ئیتر پێویستمان بەوە نابێت لەبازنەیەکدا بخولێینەوە و شیعار درووشمەکان بلێینەوە ، بەڵکو دەچینە ئاستێک کە زیاتر لە دۆزی ئەم گرفتە و رێگا چارەکانی حاڵی ببین.

بۆ ئەوەی رۆشنای زیاتر بخەینە سەر ئەم مەسەلەیە لەم بەشەدا کورتەیەک لەسەر سەرهەڵدانی دەوڵەت و ئەو ئاڵۆگۆڕانەی بەسەریدا هاتووە باس دەکەین تاکو بتوانین بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانە پێشمەرج و پایەکانی درووست بوونی دەوڵەت و ئەو مەوتڤە (Motive) سەرەکییانەی کەلەپشت درووست بوونی دەوڵەتەوەن دەستنیشان بکەین . کاتێکیش ئەم کارەمان کرد ، ئادیایەکی رۆشنمان دەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەگەر بڕیارە دەوڵەتێک لەدایک ببێت چی جۆرە دەوڵەتێک دەبێت ، یاخوود ئەو هۆکار و رێگایانەی کە دەبنە مایەی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی مۆدێرن و سکیۆلار کامانەن . لە دوای ئەم کورتەیە لەسەر مێژووی درووستبوونی دەوڵەت دەچینە سەر هەندێ چەمکی سەرەکی تر کە بەشێوەیەکی گشتی چارەنووس و سرووشتی دەوڵەتیان پێ دەناسرێتەوە و پێشمەرجن بۆ هەر شوێنێک بۆ ئەوەی پێی بووترێت دەوڵەت .

لەدایکی بوونی بیرۆکەی دەوڵەت و دیاریکردنی چوارچێوەی جوگرافی و دامازراندنی کۆمەڵی ئینستیتیوت بۆ بەڕیوە بردنی ڕیوایەتی زۆری لەسەرە . بەگوزەر لە زۆر و بۆری بۆچوون و ڕیوایەتەکان لەسەر دەوڵەت یاخوود ( State ) ئەکرێت بڵێین درووسترین بۆچوون سەبارەت بە مەسەلەیە تێروانینەکانی باکۆنینە کە 150 ساڵ پێش ئێستا ئاماژەی پێکردوون. ئەو دەڵێت : دوای ئەوەی دەوڵەت توانی وەک چوارچێوەیەک خۆی بسەپێنێت و تێپەڕێت بەسەر دین و بەرهەڵستکارییە سیاسی و فەلسەفیەکاندا ، بوو بەئامرازی کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگا بەدەست نوخبەیەکی بچووکەوە. ئاڵوگۆڕ کردنی دەوڵت لەمیرنشینییەوە بۆ کۆماری هێندەی تر ئەم کۆنترۆڵکردنەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرندا ڕێکخست . ئامانجی سەرەکی ئەم دەوڵەتە مۆدێرنەش لەم ڕیکخستنەدا بەمەبەستی قۆرخ کردنی هەموو دەستکەوت و سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بوو بۆ ئەو نووخبە بچوکە. لەپەنای ئەم ڕاستییەوە کە باکۆنین ئاماژەی پێکردووە سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەوڵەت ، ئەکرێت ئێمەش لێرەدا بڵێین : درووست بوونی دەوڵەت نەبووە مایەی کۆتای هێنان بە کێشە و گرفتەکانی بەشەریەت ، بەڵکو چوارچێوەیەکە بۆ سنووردارکردنی ئازادی و تەقەلا سرووشتییەکانی بەشەر بۆ دەستگیربوون لە ژیانێک کە وەلامدەرەوەی ئارەزووە سرووشتییەکانی بێت . لەبەرامبەر لەدەستدانی ئەم ئازادیانەشدا ، بەشەر لەچوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرندا زیاتر کۆیلەی سەروەت و سامان و شووناسە پیشەی و ئابووریەکان بوو . ئەم ڕاستییە سەبارەت بە دەوڵەت تاکو ئێستاش هەر درێژەی هەیە ، بەلام بە شێوازی جۆراوجۆر. بۆیە ئەگەر مافی چارەی خۆنووسین بدرێت بەخەڵکی کوردستان تەنانەت بەو شێوازەی کە ئێمە پێیمان باشە ، تاقە کلیلی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتی و ئابووریەکان نییە ، بەڵکو چارەسەرکردنی یەکێک لە و گرفتانەیە کە خەڵکی کوردستان بۆ چەندین ساڵە شەو و ڕۆژی دەدەنە بەر. بۆیە بەگوزەر لەوەی چەندە خۆشخەیاڵ یاخوود باوەڕمان بەوە هەیە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان درووست ببێت ، نابێت

**ئەوەمان لەبیر بچێت کە لەو دەوڵەتەشدا بەهەمان ئەندازەی ئەوانی تر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکانی بەرۆکمان دەگرن .**

**بۆ زیاتر لەدوو سەدە شوناس و ناوەڕۆکی زۆرینەی دەوڵەتەکان ، کەسەرتا بە میرنشین دەستپێیکرد و دواتریش بوون بە کۆماری ، بەنەتەوە دەناسرایەوە . بەلام لەدوای شەڕی جیهانی دووەمەوە ئەم جۆرە لە دەوڵەت ، کە هێشتا هێزێکی کاریگەر بوو بەسەر پەیوەندییە ئابووریەکانی وولاتدا، شکستە ئابووریەکان بەرەو عەقارێکی تری وەرچەرخاندن. بەپێی پسپۆرانی سیاسی لەم مەیدانەدا ، ئەم ئاڵوگۆڕە لەشوناسی دەوڵەتدا لەمناڵدانی تێروانینە ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی دیمۆکراسی لیبرالێزمەوە سەرچاوەی گرت . ئەگەر مێژووی سەرەتاکانی ئەم ئاڵوگۆڕە بەسەربکەینەوە ئەوەمان بۆ ڕۆشندەبێتەوە کە زۆرترین کرێدتی ئەم بیرۆکیەیە بەر جان جاک ڕۆسۆ دەکەوێت. ئەو شتەی کە بووەتە مایەی پێدانی ئەم کرێدتە زۆرە بە ڕۆسۆ نوسینە بەناوبانگەکەیتی کە بە "قەرارداده کۆمەلایەتیەکان" یاخوود " Social Contracts " ناسراوە . لەم نووسینەدا ئەو باس لە ئەرک و ماف و پەیوەندی تاکاکەکان بە دەوڵەتی سکۆلارەوە دەکات . ئەو پێی وایە بۆ ئەوەی دەوڵەت شەرعیەتی هەبێت ، پێویستە کۆمەڵێ ئەرک و کار بۆ هاولاتیانی دیاری بکات و وەلەبەرامبەریشیدا ئەو جۆرە یاسایانە دەچەسپێنێت کە مافەکان بۆ هاولاتیان دابین دەکات. لەپرۆسەیەکی دوورو و لەئاکامی ململانێی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندا زۆرێک لەو قەراردادانەی کەڕۆسۆ باسی کردوون بەئەندازەی جۆراوجۆر بوون بەحەلقەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاولاتیان لەگشت دنیادا . بەلام ئەمە بەو مانایە نیە کە دەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت جیاوازیان نەبێت لەگەڵ قەرارداده کۆمەلایەتییەکاندا و بڵێین ئەو قەراردادانە لەڕێگەی دەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە مەیسەربوون ، نەخێر پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕاستییەکەیەتی کە دەزگاکانی دەوڵەت لەڕێگەی هەستکردن و باوەڕ هێنان بە قەرارداده کۆمەلایەتییەکانەوە کارامە و جێکەوتەتر بوون. یانی درووست بوونی یەکە ئیداریەکان و کارکردنیان بەشێوەیەکی درووست لەئاکامی ئاگاهییەکی درووست و هەستیاری تاکەکانی کۆمەڵگاوە گەشەی زیاتریان کرد و زیاتر بەرەو گەشەکردن و کامڵتربوون چوون. جیاوازی ڕۆسۆ لەگەڵ " تۆماس هابس" دا ئەکرێت لەم بۆچوونەوە بەئاشکرا دیاری بکرێت . هەرچی هابسە پێی وایە ئەگەر حوکمڕانی نەبێت ئەوە مرۆڤەکان دەکەونە گیانی یەکتر ، لەبەر ئەوەی هەموویان بەئەندازەی یەکتر پێداویستییان هەیە ، هەموویان توانای کوشتنی یەکتریان هیە.. هتد ، بۆیە بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤانە بتوانن پێکەوە بژین ، پێویستە ملکەچی فەرمان و دەستەلاتێکی دیاریکراو بن. .ئەکرێت ئاکامی بۆچوونەکانی هابس سەبارەت بە ڕەوشتی سرووشتی بەشەر و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە لە دەستەلاتە تۆتالیتار و سەرکوتگەراکاندا بەدی بکەین . بەلام بەپێچەوانەوەی هابس ڕۆسۆو ئەم دۆزەی لەڕوانگەیەکی ترەوە شیکردەوە کە ئەویش بە لەبەر چاوگرتنی لایەنی ژیاری خوو و رووشتی تاکەکانی کۆمەڵ و فەراهەم کردنی هەلومەرجێک کە هاوکاریکردنی یەکتری بنەماکەی بێت.**

**دوای تێپەربوونی مێژوویەکی درێژ بەسەر ئەم جۆرە بۆچوونانەدا و بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت دەزگایەکی ڕێکخەر و بەردەوام بێت لەبەڕێوەبردنی وولات . ئارامی سەقامگیربکات و خۆی لابدات لەتێخرۆشان یاخوود ڕاپەڕینەکان ، وویلفەیر ستەیت چی وەک ناو و چی وەک ناوەڕۆک شوناسێکی تربوو بە بالای دەوڵەتانی ڕۆژ ئاوادا دوورا . خاوەنی بیرۆکەی ویلفەیر ستەیت ( William Temple)کە لە ئۆکسفۆرد بۆ زیاتر لە دە ساڵ دەرسەکانی کۆماری ئەفلاتوونی دەگووتەوە . هەرچەندە مەبەستەکانی وویلفەر ستەیت چەند چەمکێک دەگرێتەوە ، بەلام ئامانجی سەرەکی لەپشت ئەم مۆدیلەی دەوڵەتەوە بەرگرتن بوو بە کێشە و شکستە ئابووریەکان. هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیە لەوێوە دەستی پێکرد کە پێویستە داهاتی خەڵک زیاد بکرێت کاتێکیش داهاتی تاکەکانی کۆمەڵ برزایە سەر ئیتر توانای کڕینی شتەوەمەک و پێداویستیەکانیانیش دەچێتە سەر و کێشەو گرفتە کۆمەلایەتییەکان چەندین بەرابەر کەم دەبنەوە و ئارامی سەقامگیردەبێت لەکۆمەڵگادا.**

**بەپێی بۆچوونەکانی " Robert B. Asselin "ئەم ئاڵوگۆڕە خزمەتی بە دوو لایەنی گرنگ کرد ، لەلایەک دەنگی ناڕەزایەتیەکانی کەم کردەوە لەسەر دەوڵەت و خەڵکی دوور ڕاگرت لەپەیوەست بوونیان بەو گرووپە توندڕەوانەوەی کە بەدوای ئاڵگۆڕی ڕادیکاڵەوە بوون لەکۆمەڵگادا ، لە لایەکی تریشەوە پرۆسەی ئابووری لەوولاتدا خێرا تر کردەوە.**

دەوڵەت هەربەمەشەوە نەوەستا ، بەڵکو لەگەڵ دامرکاندنەوەی نارەزایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەناوخۆی ئەو وولاتانەدا و سارد بوونەوەی گرژیەکانی جەنگی دوو بلۆکی و نەمانی شوورەوی ، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ جڵەوی ئابووری دەوڵەت حەواڵەی کەرتی تایبەت کرا. ئەمە بووە مایەی ئاڵوگۆڕ و کەم ڕەنگکردنەوەی شتێک کەپێی دەوترا بەرهەمە نەتەوەیەکان ، هاوکاتیش شانسی زیاتری دا بە کەرتی تایبەت کە جێگەی خۆی قایمتر بکات و دەوڵەت بخاتە ژێر کاریگەریەکانی خۆیەوە. بەم وەرچەرخانە دەوڵەت خۆی لەبەرپرسیارێتی سەبارەت بەقەیرانە ئابووریەکان دوور ڕاگرت و کاروبارە ئابووریەکانی سپاردە پەیوەندیەک لە نێوان بازاڕ و تاکەکانی کۆمەڵدا. لەبەرامبەر ئەمەشدا دەرامەت و داهاتی تاکەکان باجی زیاتری خرایە سەر . ئەمانە و کۆمەڵی ئاڵوگۆری تریش تێکڕا شوناسی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی گۆڕی و جێگەو ڕێگەی هاوڵاتی و پەیوەندیەکانی بەدەوڵەتەوە لەچوارچێوەیەکی نوێدا دیاری کرد. ئێستا لەزۆربەی وولاتانی پێشکەوتوودا سکوێلار و سڤیک بوونی دەوڵەت بریتیە لەم مەسەلانە بە ئیزافە کردنی هەندی مافی دیموکراتی و ئازادی شەخسیی .

لەگەڵ درووست بوونی دەوڵەتی مۆدێرندا و لە ڕێرەوەی گەشەکردنیشیدا ، دەوڵەت بەتەنیا لەژێر کاریگەریە ئابووری و قەرارداده کۆمەڵایەتیەکاندا نەچووتە پێشێ ، بەڵکو هەستی ناسیۆنالیستیش مەوتڤێکی سەرەکی بووە لەپایەکانی کە ئەویش بێبەش نەبوو لەو ئاڵوگۆڕانانە . هەستی نەتەوەی یاخوود بیری ناسیۆنالیستی لە یەک چوارچێوە و یەک پێناسەدا قەتیس نەبوو ، بەڵکو ئەم چەمکەش دابەش بوو بەسەر دوو بیرکردنەوە یاخوود دوو جۆرە ناسیۆنالیزمی جیاوازدا . ئەو دوو جۆرە لەناسیۆنالیزم بریتین ، یەکەم لە (Ethic Nationalism) یاخوود ناسیۆنالیزمێک کە بەتەنیا دابوو و نەریتەکانی خۆی پێ پیرۆزە و پێی وانیە نەتەوەکانی تریش یەکسانن بەو. جۆری دووەمی ئەم ناسیۆنالیزمە بە (Civic Nationalism)کەبەمانای ناسیۆنالیزمی مەدەنیە یاخوود یەکسان بوون لەنێو نەتەوەکانی تردا ، یاخوود یەکسانی هاوڵاتی بوون لەکۆمەڵگادا بەگوزەر لەشوناسی نەتەوەی دەناسرێتەوە. هەندێ لە وولاتانی پێشکەووتووی پیشەسازی ناسیۆنالیسیزمی سیڤیک باوەڕی زۆرینەی تاکەکانیانە ، وەهەندێکیشیان لە هەوڵی ئەوەدان ئەو بیرکردنەوە مۆدێرنە جێی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی بگرێتەوە. کەچی تاکو ئێستا ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ هەندێ لەووڵاتان قابیلی قبووڵکردن نیە. ئەم ئاڵوگۆڕە لەپێناسەکردنی پەیوەندی تاک و دەوڵەت بۆیە بووەتە مایەی ئەوەی کە نەتەوەکانی سەردەست نەتوانن بەشێک بن لەو ئاڵوگۆڕانەی کەبەسەر بیری ناسیۆنالیزمدا هاتووە ، چونکە ناچاریان دەکات دەست لەکوشت و بڕی ئاشکرا و هەڕەمەکی هەڵگرن ، ناچاریان دەکات کەڵچەر و سومبڵە نەتەوایەتیەکانی نەتەوەی ژمارە دووە لەووڵاتدا بەڕەسمی بناسن و جێگای دیاریکراویان بۆ بکەنەوە لە دەستوور و بۆنە ڕەسمیەکانیدا. ناچاریان دەکات کە گوێیان ئاشنا بێت بە قبووڵکردنی جیاوازی نێوان نەتەوەکان . وولاتانی پێشکەوتوو و دیموکراسی لیبراڵ دەیانەوێت لە ڕێگەی ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرن و سیڤیکەوە لەلایەک وەڵام بەجیاوازیە نەتەوایەتیەکان بدەنەوە و بەقبووڵکردنی جیاوازیەکانی یەکتری پێکەوە ژیان بکەن بردنەسەری هوشیاری و هەڵسەوکەوتی تاکەکان بەشێوەیەکی هەستیار لەبەرامبەر یەکتریدا . کەچی هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد هێشتا ئەم مەسەلەیە بۆ زۆرێک لە وولاتان قابیلی قبووڵ کرن نیە ، نمونەی ئەم جۆرە وولاتانەش تورکیا و ئیران و سودان و چین و ئیسرائیل ...هتد ، چونکە باسکردن لەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە بۆ ئەم وولاتانە دستتێوەردانە لە کۆنسیپتە حەرامەکان

. [1] Michael Bakunin, *God and the State*, 1916, New York: Mother Earth Publishing Association. http://dwardmac.pitzer.edu/anarchist_Archives/bakunin/godandstate/godandstate_ch1.html . (May 2, 2007).

[1] Jean Jack Rousseau. Social contract Theory. 1762. Book 1 “the civil state”. http://www.constitution.org/jjr/socon_03.htm#017 (May 4, 2007).

[1] Thomas Habbes. Moral and Political Philosophy. (*Leviathan*, xiii.3-9). http://www.iep.utm.edu/h/hobmoral.htm#H5. (May 8, 2007).

[1] William Temple. Church, state and society in Britain, 1880-1950. http://books.google.com/books?id=yX4NyfP8EKsC&dq=william+temple&printsec=frontcover&source=web&ots=0O7sv3-CCs&sig=-436Bc4DKQz0q5DQz9Z5OX3Fhbs#PPA12,M1 . (May 9, 2007).
[1] Robert B. Asselin. *QUESTIONS ABOUT THE DIVISION OF POWERS AND FISCAL FEDERALISM*. Political and Social Affairs Division,18 January 2001. http://dsp-psd.pwgsc.gc.ca.ezproxy.langara.bc.ca:2048/Collection-R/LoPBdP/BP/prb0031-e.htm. (April 27, 2007).

[1] Ethic. (n.d.). *WordNet® 3.0*. Retrieved April 30, 2007, from Dictionary.com website: http://dictionary.reference.com/browse/ethic . ( May 5, 2007).